# هۆکارەکانی کاریگەربوونی بەربەر بە خەواریج[□]


سەرپەرشتیار

پ.ی.د. صلاح کانبی

بەشی مێژوو/ کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان

زانکۆی سلێمانی - سلێمانی- عێراق

بەختیار عبداللە کریم

خوێندکاری دکتۆرا

بەشی مێژوو/ کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان

زانکۆی سلێمانی - سلێمانی- عێراق


لەگەڵ ئەوەی خەواریج یەکەم گروپی سیاسی بوون لەمێژووی ئیسلامیدا دەرکەوتن‌و سەرجەم چالاکییەکانیان لە نزیکەی سی ساڵی بەراییاندا تەنها لە رۆژهەڵاتی جیهانی ئیسلامیدا چڕبووبووەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەیانتوانی کاریگەرییەکی ئەوتۆ لەسەر گەلانی ئەو ناوچانە دروستبکەن کەببێتە هۆی گۆڕانکاری سیاسی‌و ئایینزاییان؛ بەپێچەوانەوە لەگەڵ ئەوەی دوای تێپەڕبوونی سەدەی یەکەمی کۆچی بانگەشەی خەواریج گەیشتە بەشی رۆژئاوای جیهانی ئیسلامی، بەدیاریکراویش نیشتمانی بەربەر (ئەمازیغ)، بەڵام گۆڕانکاری سیاسی‌و ئایینزای لەنێویاندا هێنایەئاراو توانست‌و جۆش‌وخرۆشی ئەوەی پێدان بتوانن بەرەنگاری دەوڵەتی ئومەوی ببنەوەو سێ دەوڵەتی خەواریجی دابمەزرێنن. بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك هۆکاری جیاوازو گونجاوێتی بنەماکانی خەواریج‌و پێکهاتەی هۆزایەتی‌و خولیای سیاسی بەربەر لەگەڵ یەکدیدا، ئەم توێژینەوەیەش تایبەتە بەلێکدانەوەو خستنەڕووی ئەو هۆکارانە.

## یەکەم: رەوتی مێژوویی دابەشبوونی خەواریج

سەرەڕای ئەوەی بەشێك لە خەواریج وەك (فروة بن نوفل الاشجعي، ابن أبي الحوساء الطائي، ابن الكواء، حوثرة بن وداع، أبو مريم السعدي) هەر لەسەرەتاوە هەڵوێستێکی نێوەندیان وەرگرت‌و بەشدارییان لە جەنگی نەهرەواندا نەکرد، هەندێکیشیان گەڕانەوە بۆ کوفە[١]، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەتا ساڵی (٦٤ك/٦٨٤ز) یەکڕیزبوون‌و

□- باسێکی وەرگیراوە لەتێزی دکتۆرا بەناونیشانی: کاریگەریی بزوتنەوە ئاینییە نەیارەکانی خیلافەت لەسەر نەتەوەی بەربەر. (خەواریج‌و شیعە وەك نموونە).

[١] - البلاذري: جمل من أنساب الأشراف، تح: سهيل زكار ورياض الزركلي، ط١، دار الفكر، (بيروت، ١٩٩٦م)، ج٢، ص٣٦٢، ٣٧٠-٣٧١؛ أبوحنيفة الدينوري: الأخبار الطوال، تح: عبد المنعم عامر، ط١، دار إحياء الكتب العربي، (القاهرة، ١٩٦٠م)، ص٢١٠؛ الطبري: تأريخ الطبري (تاريخ الرسل والملوك)، ط٢، دار التراث، (بيروت، ١٣٨٧هـ)، ج٥، ص٨٦؛ مركز الدراسات الثقافية الدولية: الاسلام بحث تاريخي اسلامي، فقهي ادبي، فلسفي مستل من دائرة المعارف الاسلامية الكبرى، تر: ماجد الغرباوي، مؤسسة الهدى، (تهران، ١٤٢٠هـ)، ص٧٦. گوایە (عبد الله بن وهب الراسبی) جۆرێك لەڕاڕایی هەبووە لەشەڕکردن دژی خەلیفە عەلی. بڕوانە:(المبرد: الكامل في اللغة والادب، تح: محمد أبو الفضل إبراهيم، ط٣، دار الفكر العربي، (القاهرة، ١٩٩٧م)؛ ج٣، ص٢٠١).



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لەبنەما سەرەکییەکاندا هاوڕابوون[٢]، بەڵام دوای بەجێهێشتنی (عبدالله بن الزبیر٧٣ك/٦٩٢ز) لە مەککە، بوون بەدووبەش، بەشێکیان چوون بۆ یەمامە، کە دواتر بە نەجدات ناسران، زۆربەشیان چوون بۆ بەسرە، کە (نافع بن الأزرق، عبد اللّه بن صفار السعدي، عبد اللّه بن إباض) لەگەڵیاندا بوون، دواتر بەشی زۆریان شوێن (نافع بن الأزرق الحنفي) کەوتن‌و بە ئەزارقە ناسران، کە دانیشتنی لەنێو مسوڵمانانی ناخەواریجداو گەواهیدانیان‌و خواردنی سەربڕاوو میرات‌و ژن‌وژنخوازیی لەگەڵیاندا ڕەتکردەوە، ڕاپەڕین‌و چوون بۆ ئەهوازو گرتیان[٣]، ئەزارقە یەکەم گروپبوو کەلە هێڵی گشتی خەواریج جودابووەوە. پاشان لەسەر هەڵوێستی نافع سەبارەت بە کوشتنی منداڵی ناخەواریجەکان‌و ڕەتکردنەوەی تەقیە (واتە شاردنەوەی بیروباوەڕی خۆت‌و هاوبۆچوونی نیشاندان لەگەڵ بیروباوەری بەرامبەردا) و باوەڕبوون بە بنەمای شمشێر (واتە کوشتن یان شوێنکەوتنی خەواریج)، (نجدة بن عامر الحنفي ٦٩ك/٦٨٩ز) لە نافع جیابووەوەو چوو بۆ یەمامە[٤]، کە لەساڵی (٦٦ك/٦٨٥ز)دا خەواریجەکانی یەمامە بەهۆی دەمارگیری هۆزایەتییەوە (ابي طالوت)ی مەوالییان لە ئەمیری لاداو بەیعەتیاندا بە نەجدەو بەناوی ئەویشەوە بە نەجدات ناوبران[٥]، لێرەوەش دووەم گروپی خەواریج هاتەئارا بەناوی (النجدات)، کە ئەنجامدەری تاوانی گەورەی لایەنگری خۆیان، بەبێباوەڕ دانەدەنا[٦].

[٢] – ناوەکانی (الخوارج، الشراة، الحرورية، الحكمية) هەموو گروپ‌و دەستەکانی خەواریج دەگرێتەوە، کەکۆکبوون لەسەر بنەمای قۆرخنەکردنی پرسی خیلافەت لەسەر قوڕەیش، دەرچوون لە فەرمانڕەوای ستەمکار، خۆبێبەریکردن‌و بەبێباوەڕدانانی (عوسمان، عەلی، معاویە، تەڵحە، زوبێر)و دوو دادوەرەکەو هەرکەسێك بە دادوەریکردنەکە ڕازیبوبێت، بێباوەڕبوون بەتاوانکردن، واتە ئەژمارکردنی کردەوە بەبەشێك لە باوەڕ. بڕوانە:(الاشعري: مقالات الإسلاميين واختلاف المصلين، عنى بتصحيحه: هلموت ريتر، ط٣، دار فرانز شتايز، (فيسبادن/ ألمانيا، ١٩٨٠م)، ص١٢٤-١٢٥؛ المسعودي: مروج الذهب ومعادن الجوهر، ط١، المكتبة العصرية، (بيروت، ٢٠٠٥م)، ج٣، ص١١٥-١١٦؛ المقدسي: البدء والتاريخ، مكتبة الثقافة الدينية، (بورسعيد، د.س)، ج٥، ص١٣٥؛ البغدادي: الفرق بين الفرق وبيان الفرقة الناجية، ط٢، دار الآفاق الجديدة، (بيروت، ١٩٧٧م)، ص٥٥، ٦١). بۆزانیاری زیاتر سەبارەت بە ناوەکانی خەواریج، بڕوانە:(احمد عوض: الخوارج تاريخهم، فرقهم، وعقائدهم، ط١، دار الكتب العلمية، (بيروت، ٢٠٠٥)، ص٧-١١)؛ دەربارەی بۆچوونەکان سەبارەت بە دامەزراندنی خەواریج، بڕوانە:(محمد الفيومي: الفرق الإسلامية وحق الأمة السياسي، ط١، دار الشروق، (القاهرة، ١٩٩٨م)، ص٧٥-٨٢)؛ بۆ ڕەوتی مێژوویی سەرهەڵدانی بزاوتی خەواریج‌و لێکترازانی ڕیزەکانیان، بڕوانە:(ديب سعيد: نشأة حركة الخوارج وتطور حركاتهم المتطرفة حتى نهاية عبد الملك بن مروان (٣٧-٨٦هـ/٦٥٧-٧٠٥م)، رسالة ماجستير غير منشورة، مقدمة الى كلية الدراسات العليا/ قسم العلوم الانسانية والاجتماعية، الجامعة الأردنية، ١٩٩٠م، ص٣٣-٧١، ٨٨-١٢٩).

[٣] – المبرد: الكامل، ج٣، ص٢٠١-٢٠٧؛ الطبري: تأريخ، ج٥، ص٥٦٦-٥٦٨. گروپی ئەزارقە مەترسیدارترین گروپبوون بۆسەر دەوڵەتی ئومەوی، کە زیاتر لە (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار جەنگاوەر بوون‌و سەرکردەکەیان ناونا ئەمیری بڕواداران، هەتا دەستبەکاربوونی (المهلب بن ابي صفرة) بۆ جەنگی خەواریج لەلایەنی (عبدالله بن الزبير)ەوە، توانیان هەموو هەڵمەتە لەشکرە نێردراوەکان بۆسەریان تێکبشکێنن، موهەللەب‌و کوڕو نەوەکانیشی بۆماوەی نۆزدە ساڵ لەدژیان جەنگان، هەتا توانیان بەسەریاندا سەربکەون. بڕوانە:(الماتريدي: تفسير الماتريدي (تأويلات أهل السنة)، تح: مجدي باسلوم، ط١ ال، دار الكتب العلمية، (بيروت،٢٠٠٥م)، ج١، ص١٠٧-١٠٨).

[٤] – دەربارەی گفتوگۆی نێوانیان‌و جیاوازی بۆچوونەکانیان، بڕوانە:(المبرد: الكامل، ج٣، ص٢٠٦-٢٠٩؛ مؤلف مجهول: السير والجوابات لعلماء وأئمة عمان، تح: سيدة اسماعيل كاشف، مكتبة دار احياء الكتب العربية، (عمان، 1986 م)، ج٢، ص١٢٤-١٢٥).

[٥] – دواتر نەجدەیان لادا، هەرچەندە (ثابت التمار)ی مەوالییان کردە سەرکردە، بەڵام زۆری نەخایاندو دووبارە عەرەبێکییان بەناوی (ابا فديك عبدالله بن ثور) کرد بە ئەمیری خۆیان، ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی هەستی هۆزگەریی‌و دەمارگیریی خێڵایەتییان


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئـەو خەواریجانــەی شـوێن بۆچـوونەكانی نـافع نەكــەوتنو لــە بەســرە مانــەوەو دەرنەچــوون، دەكرێـت بەدرێژەپێدەری هێڵی گشتی دابنێین، بەڵام بەهۆی نامەیەكی رەخنەگرانـەی نافعـەوە بـۆ (أبـو بـیهس هیصـم بـن جابر الضبعي ٩٤ك/٧١٣ز)و (عبد الله ابن إباض)، دابەشـبوونێكی دیكـە لـە ریزەكانی خەواریجدا روویـدا ، كـە (ابـو بیهس) نافعی بـەبێباوەڕو (عبـد الله بـن إبـاض المـري) بەكەمتەرخـەم دانـا، چـونكە مانـەوەی لـەنێو ناخەواریجدا بەڕەوادانا[٧]، لەسەر بنەمای دانیشتنو مانەوە لەنێو هاوبەشدانەران (ناخەواریج)دا دروستە یان دەبێت كۆچكردن پیادەبكرێت؟.

دوو گروپــی یەكــەم، واتــە ئەزارقــەو نەجــدات، زۆر تونــدڕەوبوون، بۆچــوونی ئەزارقــە بریتیبــوو لــە بــەبێباوەڕدانانی هــەموو مسـوڵمانانی دەرەوەی بازنــەی خۆیــان، تەنانــەت ئــەو خەواریجانەشـی كەبەشـداری راپەڕینـەكانیان نـەكردنو شـوێنیاننەكەوتن، هاوكـات كوشـتنی منـاڵو ئـافرەتی مسـوڵمانانی دیكـەیان شـەرعاند[٨]، دەستگرتن بەسەر سـپاردەدا، خستنەڕووی بیروبـاوەڕی بەرامبـەریان پیادەدەكردو[٩]، هـەموو ناوچـەكانی دەرەوەی دەسەڵاتی خۆیشیان بە خانەی بێباوەڕان دادەنا[١٠].

هەتا ئەم قۆناغەش ئـەو خەواریجانـەی دواتـر دوو گروپـی صوفەریو ئیبازییـان پێكهێنـا یەكبۆچوون بـوون، بۆیە وتراوە (الصَفريّة) لەسەر بۆچوونی (عبد الله بن إباض) بوون، چونكە لەگەڵ رانەپەڕین بوونو بەدانیشـتوو دەناسران[١١]، (أبُو بلَال مرداس بْنُ أُدَيَّة ٦١ك/٦٨٤ز)ش رابەریان بوو، كـە جێگـەی رێـزو ستایشـی هـەموو گروپـەكانی خـەواریج بـووەو بەسـەرۆكی هێڵـی گشـتی خـەواریج نـاوبراوە[١٢]، بۆیـە صـوفەرییەكان بـەئیمامی خۆیـان دانـاوەو

بەهێزتربوو لە بیروباوەڕیان، ئەگەرچی لەلایـەنی تیۆرییەوە بانگەشـەی باشـترین كەسـیان بـۆ خیلافـەت دەكـرد، ئیـتر عـەرەب یـان مەوالی بێت. بڕوانە:(مجهول: العيون والحدائق في اخبار الحقائق، (ليدن، ١٨٦٩م)، ج١، ص١٢٦-١٢٧، ١٤٢-١٤٣؛ فـاروق عمـر: نشأة الحركات الدينية السياسية في الاسلام، ط١، الأهلية للنشر والتوزيع، (عمان، ١٩٩٠م)، ص٥٥-٥٦.

[٦] – البغدادي: الفرق، ص٥٥؛ الشهرستاني: الملل والنحل، مؤسسة الحلبي، (د.م.س)، ج١، ص١٢٤. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی چوونەكانی ئەزارقەو نەجدات، بڕوانە:(محمد الفيومي: الفرق، ص١٥٣-١٦٠).

[٧] – لـەجیاتی (ابـو بـیهس) نـاوی (عَبْـد اللـهِ بـن صـفار) هـاتووە. بڕوانــە:(الشهرسـتاني: الملـل، ج١، ص١٣٧). بـۆ نـاواخنی نامەكـە، بڕوانە:(المبرد: الكامل، ج٣، ص٢١٠-٢١١؛ الطبري: تأريخ، ج٥، ص٥٦٨). گوایە وادەی دەرچوونیان هەبوو، لەنێویشیاندا نافعو اباز، بـەڵام كاتێـك شـەوداهات اباز گوێبیسـتی بـانگو درودو نـزای مزگەوتـەكان بـوو، وتـی لـەدژو بەرامبـەر ئەمانـە شمشـێر هـەڵبگرم. بڕوانە:(الوارجلاني: الدليل والبرهان، تح: سالم بن حمد الحارثي، ط٢، (مسقط،٢٠٠٦م)، ج٣، ص٥٩؛ سـالم الحـارثي: العقـود الفضـية في الأصول الإباضية، وزارة التراث القومي والثقافة، (سلطنة عمان، 198٣م)؛ ص١٢٢).

[٨] – هەروەها (نـەجدات)یش ئافرەتیـان بەكـەنیزەك كـردووە. بڕوانــە:(ابن حـزم: الفصـل في الملـل والأهـواء والنحـل، مكتبـة الخـانجي، (القاهرة، د. س)، ج٤، ص١٤٤؛ الشهرستاني: الملل، ج١، ص١٢١، ١٢٣).

[٩] – ابن عبد ربه: العقد الفريد، ط١، دار الكتب العلمية، (بيروت، ١٤٠٤هـ)، ج١، ص١٨٦.

[١٠] – البغدادي: الفرق، ص٦٣.

١١ - المبرد: الكامل، ج٣، ص٢١١؛ ابن عبد ربه: العقد، ج١، ص١٨٧.

١٢ - المبرد: الكامل، ج٣، ص١٨١، ٢٠٦؛ ابن قتيبة الدينوري: المعارف، تـح: ثـروت عكاشـة، ط٢، الهيئـة المصرية العامـة للكتـاب، (القـاهرة، ١٩٩٢م)، ص٤١٠؛ الطبري: تأريخ، ج٥، ص٥٦٧؛ مركز الدراسات: الاسلام، ص٨٠؛ ليفيتسكي: دراسات شمال افريقيـة، ت: احمـد بومزقـو، مؤسسة تاوالت الثقافية، (د.م، ٢٠٠٥)، ج٢، ص٣٠.


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

بانگەشەيان بۆكردووە[١٣]، كاتێكيش (ابو بلال مرداس بن أدية) كوژرا، (عِمْرَانَ بْنِ حِطَّانَ السَّدُوسِيُّ) سەرۆكى دانيشتوانى گروپى (الصفرية) هۆنراوە بەناوبانگەكەى بۆوت[١٤].

هەرچەندە دوو گروپى دواتر، واتە صوفەرىو ئيبازى، ميانەڕەوتربوونو ئاسانكارتربوون لەمامەڵەياندا لەگەڵ بەرامبەردا[١٥]، ئەم لێبوردەيىو ئاسانكارييە بەربەردەوامى بەرەوپێشتر چووە، بۆنموونە گروپى صوفەرى كە پێش ئيبازى دەركەوتن، رايانگەياند ئەنجامدەرى ئەو تاوانانەى سزايان دياريكراوە، بەبێباوەڕ ناوزەند ناكرێت، بەڵكو بەناوى تاوانەكەوە ناودەبرێت، وەك دز، زيناكار، هەروەها (سەربڕاو، گەواهيدان، هاوسەرگيريى، ميراتگريى) كەسانى بێباوەڕيان رێگەپێداوە[١٦]، تەنانەت خۆپاريزى (تقيە)يان لە وتەدا رەواكردووە[١٧]، هاوكات كوشتنى ئافرەتو منالى بەرامبەر رەواناكەن[١٨]. گروپى ئيبازييش رەتيانكردەوە بەهۆى تاوانەوە مرۆڤەكان ببنە بێباوەڕو هاوبەشدانەر، ئەوبەبێباوەڕەيان بە بەخششەكانى خودا دانا[١٩].

بەلأم ميانڕەوييان بەو مانايە نايەت كە راپەڕينيان ئەنجامنەدا، بەڵكو رۆژ لەدواى رۆژ خەواريجە دانيشتووەكان بەهۆى ستەمى كاربەدەستەكانو لادانيان لە رێوشوێنەكانى پێغەمبەرو كوشتنى هاوەڵو هاوبۆچوونەكانيانەوە، بەمەبەستى تۆڵەسەندن وازيان لەدانيشتن هێناوەو بەشدارى راپەڕينەكانيان كردووە[٢٠]، تەنانەت ستەمى (عبيدالله بن زياد) لە خەواريجەكان، (ابو بلال)ى ناچاركرد رابپەڕێت، بەتايبەتى كوشتنى

---

[١٣] – الإسفراييني: التبصير في الدين وتمييز الفرقة الناجية عن الفرق الهالكين، تح: كمال يوسف الحوت، ط١، عالم الكتب، (لبنان، ١٩٨٣م)، ص ٥٣، ٥٤. تەنانەت شيعەو موعتەزيلەش بەپێشەواى خۆيان داناوە. بڕوانە:(المبرد: الكامل، ج٣، ص١٥٧-١٥٨). هەندێك توێژەر (ابو بلال مرداس) بە پێشەواى ئيبازى دادەنێن. بڕوانە:(محمد على دبوز: تاريخ المغرب الكبير، مؤسسة تاوالت الثقافية، (د.م، ٢٠١٠)، ج٢، ص٣٥٧؛ ليفيتسكى: دراسات، ج٢، ص١٥).

١٤ - المبرد: الكامل، ج٣، ص١٢٤؛ شعر الخوارج، جمع وتقديم: د. احسان عباس، دار الثقافة، (بيروت، د.س)، ص١٤٢.

[١٥] – پێدەچێت هۆكارى ئەمە بگەڕێتەوە بۆ شكستە سەربازييەكانيانو هەوڵدانيان بۆ نزيكبوونەوە لەلايەنى بەرامبەر بەمەبەستى خۆلادان لەشەڕو جەنگ، ياخود ئاسۆى بيركردنەوەو تێڕوانينيان بۆ بەرامبەر فراوانتربووبێت، بەتايبەتيش سەرانى پێشينيان هەموويان لەعەرەبە بيابانشينەكان بوون. بڕوانە:(علي الغرابي: تأريخ الفرق الاسلامية ونشأة علم الكلام عند المسلمين، ط٢، (د.م.س)، ص٢٨١)؛ هەروەها (عبيدالله بن زياد) ئەشكەنجەى بانگەوازە ديارو ناسراوەكانى خەواريجى دەدا، بەلأم دانيشتووەكانو ئەوانەى پيادەى خۆپارێزيى (التقية)يان دەكرد، لەدەستى پارێزراوبوون. بڕوانە:(المبرد: الكامل، ج٣، ص١٨١؛ مركز الدراسات: الاسلام، ص٨٠).

١٦ - الحميري: الحور العين، تحقيق: كمال مصطفى، مطبعة السعادة، (طهران، ١٩٧٢)، ص١٧٧، ٢٧٤.

[١٧] – البلاذري: أنساب، ج٥، ص١٨١؛ الشهرستاني: الملل، ج١، ص١٣٧؛ الصفدي: الوافي بالوفيات، تح: أحمد الأرناؤوط وتركي مصطفى، دار إحياء التراث، (بيروت، ٢٠٠٠م)، ج١٥، ص٥.

[١٨] – البغدادي: الفرق، ص٧٠؛ الشهرستاني: الملل، ج١، ص١٣٧؛ الإسفراييني: التبصير، ص٥٣.

[١٩] – ابن عبد ربه: العقد، ج١، ص١٨٦-١٨٧؛ الوارجلاني: الدليل، ج١، ص٤٣-٤٤، ج٢، ص٣٨-٤٥. بۆ رێگەدانيشيان بە تەقيە، بڕوانە:(الربيع الفراهيدي: كتاب الترتيب في الصحيح من احاديث الرسول، (المعروف بمسند الربيع)، جمع وترتيب: ابو يعقوب يوسف ابراهيم الوارجلاني، ط١، مكتبة مسقط، (مسقط، ٢٠٠٣م)، ص٣٤٨، ٣٤٩).

[٢٠] – الطبري: تأريخ، ج٥، ص١٧٣-١٧٤؛ ابن الجوزي: المنتظم في تأريخ الملوك والأمم، تح: محمد عبد القادر عطا و مصطفى عبد القادر عطا، ط١، دار الكتب العلمية، (بيروت، ١٩٩٢م)، ج٥، ص١٩٤؛ يوليوس ڤلهوزن: أحزاب المعارضة السياسية الدينية في صدر الإسلام، الخوارج والشيعة، ت: عبد الرحمن بدوي، مكتبة النهضة المصرية، (القاهرة، ١٩٥٨)؛ ص٦١-٦٦.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئافرەتێکی خەواریج بەناوی (الْبَثْجَاءُ) بەشێوەیەکی وەحشیگەریو لەنێو بازاڕی بەسرەدا، پاڵنەربوو بۆ ڕاپەڕینی، لەکاتی ڕاپەڕینیشیدا کەسی نەکوشت، تەنانەت کاتێك لە ئەهواز دەستیبەسەر بڕە پارەیەکدا گرت، کە بۆ (عبیدالله) دەچوو، تەنها پشکی پێدانی خۆیو هاوەڵەکانی لێهەلگرت، بەلاّم دواجار لەلایەن سوپایەکی (عبیدالله بن زیاد)ەوە لەگەڵ (٣٠) سی کەسدا کوژران[٢١].

ئەو خەواریجە دانیشتووانەی ئارامگرییان تێپەڕیکرد، دەستیانکرد بەڕاپەڕین لەدژی دەسەلاّتی ئومەوی، بە (الصّفرية) ناسران، بۆچوونی جیاواز سەبارەت بەهۆکاری ناونانیان هەیە، گوایە بەناوی سەرکردەکەیانەوە ناونراون[٢٢]، ئەمەش وایکردووە بەناوی (الزيادية، الأصفرية، الصفرية الزيادية)ش ناوبرێن[٢٣]؛ بەگوێرەی بۆچوونێکی دیکە لەبەر زەردبوونی ڕەنگیان بەهۆی خوداپەرستیو ڕۆژووگرتنەوە، بەمناوە ناونراون[٢٤]، بەلاّم ئەمە خەسڵەتێکی گشتگیرە بۆ هەموو خەواریج، بەتایبەتی خەواریجەکانی نەوەی یەکەمو پێش دابەشبوونیان. ئەم گروپە تەقیە لە وتەدا بەدروست دەزانن، خەواریجە دانیشتوەکانیان بەبێباوەڕ دانەنا[٢٥]، یەکەم ڕاپەڕینیشیان

---

[٢١] – ابن خياط: تأريخ خليفة، تح: أكرم ضياء العمري، ط٢، دار القلم ومؤسسة الرسالة، (دمشق وبيروت، ١٣٩٧هـ)، ص١٩٧، ٢٥٦؛ البلاذري: أنساب، ج٥، ص١٨٠-١٨٥؛ المبرد: الكامل، ج٣، ص١٨١-١٨٧؛ ابن عبد ربه: العقد، ج١، ص١٨٢-١٨٣؛ الوارجلاني: الدليل، ج٣، ص٥٩؛ ابن الاثير: الكامل في التأريخ، تح: عمر عبد السلام تدمري، ط١، دار الكتاب العربي، (بيروت، ١٩٩٧م)، ج٣، ص١١١؛ النويري: نهاية الأرب في فنون الأدب ، ط١، دار الكتب والوثائق القومية، (القاهرة، ١٤٢٣هـ)، ج٢٠، ص٢٨٦؛ ديب سعيد: نشأة، ص٨٥.

[٢٢] – چەندین بۆچوون هەیە لەسەر ناوی سەرکردەکەیان، وەك:(عبد اللّه بْن صَفّار/ صُفَار/ الأصفر)، (عبيد اللّه بْن صفار التميمي)، (عبيد اللّه بْن قبيص)؛ بڕوانە:(البلاذري: أنساب، ج٧، ص١٤٦، ج١٢، ص٣٥١؛ المبرد: الكامل، ج٣، ص٢٠١، ٢١٢؛ الطبري: تأريخ، ج٥، ص٥٦٧؛ جمهرة اللغة (٢/ ٧٤٠) الصحاح تاج اللغة وصحاح العربية (٢/ ٧١٥) الحميري: الحور، ص١٧٧؛ الجاحظ: الرسائل السياسية، دار ومكتبة الهلال، (بيروت، د.س)، ص٥٢٥؛ ابن عبد ربه: العقد، ج١، ص١٨٧، ج٢، ص٢٣٤)؛ یان (عبيد بن الْأَصْفَر) الملطي: التنبيه والرد على أهل الأهواء والبدع، تح: محمد زاهد الكوثري، المكتبة الأزهرية للتراث، (مصر، د.س)، ص١٧٨. یاخود (زياد بن الأصفر) مفاتيح العلوم (ص: ٤٦) الصحاح تاج اللغة وصحاح العربية (٢/ ٧١٥) البغدادي: الفرق، ص٧٠؛ الإسفراييني: التبصير، ص٥٣؛ الشهرستاني: الملل، ج١، ص١٣٧؛ الحميري: الحور، ص١٧٧؛ فخرالدين الرازي: اعتقادات فرق المسلمين والمشركين، تح: علي سامي النشار، دار الكتب العلمية، (بيروت، ١٤٠٢هـ)، ص٥١؛ الصفدي: الوافي، ج١٥، ص٥؛ المقريزي: المواعظ والاعتبار بذكر الخطط والآثار، ط١، دار الكتب العلمية، (بيروت، ١٤١٨هـ)، ج٤، ص١٨٥. هەروەها (النعمان بن صفر) المقريزي: المواعظ، ج٤، ص١٨٥. تەنانەت دراونەتە پاڵ (بني المهلب بن أبي صفرة). ابن تغري بردى: النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة، وزارة الثقافة والإرشاد القومي، (مصر، د. س)، ج١، ص٢٨٩).

[٢٣] – الشهرستاني: الملل، ج١، ص١٣٧؛ السمعاني: الأنساب، تح: عبد الرحمن بن يحيى المعلمي اليماني وغيره، ط١، مجلس دائرة المعارف العثمانية، (حيدر آباد، ١٩٦٢م)، ج٦، ص٣٦١، ج٨، ص٣٢٠؛ فخرالدين الرازي: اعتقادات، ص٥١؛ ابن الاثير: اللباب في تهذيب الأنساب، دار صادر، (بيروت، ١٩٨٠م)، ج٢، ص٨٥؛ المقريزي: المواعظ، ج٤، ص١٨٥-١٨٦.

[٢٤] – البلاذري: أنساب، ج٧، ص١٤٦؛ المبرد: الكامل، ج٣، ص٢٠١، ٢١٢؛ ابن عبد ربه: العقد، ج١، ص١٨٧، ج٢، ص٢٣٤؛ هەرچەندە توێژەرێك داكۆكی لەم بۆچوونە دەكاتو (ابن صفار) بەكەسایەتییەكی ئەفسانەیی دادەنێتو بوونی ڕەتدەكەنەوە، ناوی (الصفرية) دەگێڕێتەوە بۆ هەموو خەواریج، گوایە ئەم گروپە هیچ بنەمایەكی جیاوازتری نییە لەگروپەكانی دیكە جودای بكاتەوە، جگە لەهەڵوێستی نێوەندیان لەنێوان ئەزارقەو ئیبازیدا سەبارەت بە كەسانی ناخەواریج. بڕوانە:( w. Madelung: SUFRIYYA E12 T9 pp799-801) وەرگیراوە لە (ناجية الوريمي: الاسلام الخارجي، ط١، دار الطليعة للطباعة، (بيروت، ٢٠٠٦)، هامش (٢)، ص١١٧). پێدەچێت ئەمەش وایكردبێت هەتا بوترێت: هەموویان لە (الصفرية)ەوە لێكترازاون. بڕوانە:(الحميري: الحور، ص١٧٨).

[٢٥] – الشهرستاني: الملل، ج١، ص١٣٧؛ فخرالدين الرازي: اعتقادات، ص٥١؛ الصفدي: الوافي، ج١٥، ص٥.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لەساڵی (٧٦ك/٦٩٦ك)دا بوو بەسەركردایەتی (صالح بن مسرح التميمي)[٢٦]، كە بۆماوەی بیست ساڵ سەرقاڵی بانگەشەو خۆڕێكخستن بوو[٢٧].

هێڵی گشتی ماوەی خەواریج، بە ئیبازی ناوبران[٢٨]، ئەمەش دەگەڕێننەوە بۆ ناوی سەركردەكەیان، هەرچەندە بۆچوونی جیاواز لەسەر ناوەكەی هەیە[٢٩]، بەڵام زۆرترین گێڕانەوەنەكان ئاماژە بە (عبد الله بن أباض التميمي ٨٦ك/٧٠٥ز) دەكەن[٣٠]، كە لەیەكەم دابەشبوون و لەیەكدیترازانی خەواریجدا نوێنەرایەتی هێڵە گشتیو میانڕەوەكەی خەواریج بوو[٣١]، لەنامەیەكیشیدا بۆ (عبدالملك بن مروان) بنەما گشتییەكانی خەواریجی بەبەڵگە روونكردۆتەوە[٣٢]، بكەرانی تاوانی گەورەی بە بێباوەڕ بە نیعمەتو بڕیارەكانی شەرع ناوزەندكردو بێبەریكردن لەهاوبەشدانان، خوێنی ناخەواریجی حەرامكرد لە جەنگدا نەبێت[٣٣]؛ تەنها چەكو كەرەستەكانی ناخەواریجی بەدەستكەوتی جەنگ دانا، رێگەیدا لەنێو مسوڵمانانی دیكەدا بژین، هەروەها رێگەیدا بە هاوسەرگیریی لەگەڵ ناخەواریجەكاندا، تەنها سەربازگەی دەسەڵاتی بە یاخییو دەرچوو دانا، تەنانەت گەواهیدەری دەرەوەی بازنەی

---

٢٦ - الطبري: تأريخ، ج٦، ص٢١٦-٢١٩؛ ابن الاثير: الكامل، ج٣، ص٤٣٦.

٢٧ – يوليوس ڤلهوزن: احزاب، ص١١١.

٢٨ – وەك دەوترێت: سەرجەم دەستەو گروپەكانی خەواریج دەچنەوە سەر چوار گروپی سەرەكی (الأزارقة، النجدية، الصّفرية، الأباضية). بڕوانە:(الحميري: الحور، ص١٧٨). لەبۆچوونێكی دیكەدا لەجیاتی نەجدات ناوی گروپی (الْبَيْهَسِيَّةُ)ی هاوەڵی (أبِي بَيْهَس هَيْصَم بن عَامر). بڕوانە:(المبرد: الكامل، ج٣، ص٢٠١؛ ابن عبد ربه: العقد، ج٢، ص٢٣٤)؛ یان (هَيْصَم بن جابر). بڕوانە:(ابن قتيبة الدينوري: المعارف، ص٦٢٢؛ الشهرستاني: الملل، ج١، ص١٢٥؛ المقدسي: البدء، ج٥، ص١٣٨؛ الحميري: الحور، ص١٧٦)؛ بەڵام (البيهسية)سەربە (الصفرية) بوون. بڕوانە:(البلاذري: أنساب، ج٩، ص٢٦٤؛ ابن حزم: الفصل، ج٤، ص١٤٥). بۆ بیروباوەڕی ئیبازی، بڕوانە:(احمد محمد علي: دراسة عن الفرق في تاريخ المسلمين "الخوارج و الشيعة"، ط٢، (الرياض، ١٩٨٨)، ص٩٢-٩٨)؛ بۆ گروپی (البيهسية)و بۆچوونو لقەكانی بڕوانە:(محمد الفيومي: الفرق، ص١٧٤-١٧٨).

٢٩ – وەك: (عبد الرَّحْمَن بن إباض) الصفدي: الوافي، ج١٨، ص٥. (عبد الله بن يحيى بن إباض). سبط ابن الجوزي: مرآة الزمان في تواريخ الأعيان، تح: عمار ريحاوي، الرسالة العالمية، ج١٧، ص٢٣٣). (عبد الله بن يزِيد الأباضي الفزازي الْكُوفِي) ابن حزم: الفصل، ج٢، ص٨٩؛ (الحارث بن أباض)، المقدسي: البدء، ج٥، ص١٣٨؛ (إباض بن عَمْرو). الملطي: التنبيه، ص٥٢ .هاوكات دەوترێت دەگەڕێنەوە بۆ گوندی (أباض) لە یەمامە، كە (نجدة بن عامر) تێیدا گیرسایەوە. المقريزي: المواعظ، ج٤، ص١٨٧. بۆ تاوتوێكردنی ناوی (اباض) بڕوانە:(عبدالمجيد بن حمدة: المدارس الكلامية بإفريقية إلى ظهور الأشعرية، ط١، (تونس، ١٩٨٦)، ص٧٤-٧٥).

٣٠ – ابن قتيبة الدينوري: المعارف، ص٦٢٢؛ البلاذري: أنساب، ج٩، ص٢٨٥؛ المبرد: الكامل، ج٣، ص٢٠١؛ ابن حزم: جمهرة أنساب العرب، تح: لجنة من العلماء، ط١، دار الكتب العلمية، (بيروت، ١٩٨٣)، ص٢١٨؛ الشهرستاني: الملل، ج١، ص١٣٤؛ الحميري: الحور، ص١٧٣؛ فخرالدين الرازي: اعتقادات، ص٥١؛ الصفدي: الوافي، ج١٨، ص٥. بەبۆچوونی (ليفيتسكي) دوای كوژرانی (ابو بلال المرداس) سەركردایەتی خەواریجە دانیشتووەكان كەوتە دەست (ابن اباض)، بەڵام دەركەوتنی گروپی ئیبازیش دەگێڕێتەوە بۆكاتی جیابوونەوەی لە (نافع بن الازرق) لەساڵی (٦٥ك)دا؛ ئەم بۆچوونە دروست نییەو وەك ئاماژەمان پێكرد هێڵی گشتی هێشتا بەردەوامبوو، واتە هەردوو گروپی (الصفرية و الاباضية) جودانەبووبوونەوە. بڕوانە:(دراسات، ج٢، ص١٥، ٢٩).

٣١ – الشماخي: كتاب السير، تح: احمد بن سعود السيابي، ط٢، وزارة التراث القومي والثقافة، (سلطنة عمان، ١٩٩٢م)، ج١، ص٧٢؛ مؤلف مجهول: السير، ج٢، ص٨٥؛ سالم الحارثي: العقود، ص١٢١.

٣٢ – مؤلف مجهول: السير، ج٢، ص٣٢٥-٣٤٥.

٣٣ - الطبري: تأريخ، ج٥، ص٥٦٨.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

خۆیان لەسەر شوێنکەوتووەکانیان وەرگرت[٣٤]. هەرچەندە دەوترێت (عَبد اللە بن إِبَاض) لەسەردەمی دوا خەلیفەی ئومەویدا راپەڕیو کوژرا[٣٥]، بەلاّم لەڕاستیدا چوار دەیە پێشتر مردووەو ئەوەی راپەڕیوە (عبد اللە بن یحیی بن إباض)[٣٦]، یان (عبد الرَّحمَن بن إباض) بووە، کە لەسەردەمی دوا خەلیفەی ئومەویدا راپەڕیو هاوەڵی (عبد اللە بن یحیی الإباضي) بووە[٣٧].

جێگەی سەرنجە، لەکاتێکدا بەناوی سەرۆکی دانیشتووەکان لە بەسرەو هەرێمەکانی دیکە ناویهاتووە[٣٨]، بەلاّم ئیبازییەکانی مەغریب رەتیدەکەنەوە کە (عَبد اللە بن إِبَاض) دامەزرێنەری گروپەکەیان بێت، بەڵکو گوایە ئومەوییەکان ئایینزاکەیان داوەتەپاڵ ئەوو بەناوی ئەوەوە ناویانبردووە[٣٩]، لێرەوەش ژیانی (ابن باض)یان فەرامۆشکردووەو زانیارییەکی ئەوتۆ دەربارەی نییە، واتە بێدەنگیکراوە سەبارەت بەژیانیو[٤٠]، باسی ئیمامەتو

٣٤ - الشهرستاني: الملل، ج١، ص١٣٤؛ الصفدي: الوافي، ج١٨، ص٥؛ الحميري: الحور، ص١٧٣؛ القلقشندي: صبح الأعشى في كتابة الإنشاء، دار الكتب العلمية، (بيروت، د.س)، ج١٣، ص٢٢٨.

٣٥ - الشهرستاني: الملل، ج١، ص١٣٤؛ فخرالدين الرازي: اعتقادات، ص٥١؛ الصفدي: الوافي، ج١٨، ص٥؛ القزويني: آثار البلاد وأخبار العباد، دار صادر، (بيروت، د.س)، ص٥٦.

٣٦ - سبط ابن الجوزي: مرآة، ج١٧، ص٢٣٣.

٣٧ - الصفدي: الوافي، ج١٨، ص٥.

٣٨ – الدرجيني: كتاب طبقات المشائخ بالمغرب، تح: ابراهيم طلاي، (قسنطينة، د.س)، ج٢، ص٢١٤. هەروەها ئیبازییەکانی باکوری ئیفریقیا، بانگەشەی جیایی ئایینزای ئیبازیی دەکەن، لە خەواریج، واتە رەتیدەکەنەوە کە ئیبازی خەواریج بوون. بڕوانە:(الوارجلانی: الدليل، ج٢، ص٣٨؛ جبل نفوسة دراسة في التاريخ السياسي والحضاري منذ عهد العبيديين وحتى نهاية عهد الموحدين، ص٣٥-٤١؛ بكير بن سعيد أعوشت: دراسات إسلامية في الأصول الإباضية، ط٣، مكتبة وهبة، (القاهرة، ١٩٨٨)، ص١٤-١٥، ٢٣-٣٧؛ جودت عبد الكريم: العلاقات الخارجية للدولة الرستمية, المؤسسة الوطنية للكتاب, (الجزائر, ١٩٨٤م), ص٤٠-٤١؛ عدنان عياش: جذور الأباضية في بلاد المغرب، مجلة اتحاد الجامعات العربية للآداب، المجلد 4 العدد، ٢٠٠٧، ص٢٥٨-٢٥٩). تەنانەت توێژەرێکی ئیبازیی لەکاتێکدا داکۆکی لە خەواریجەکانی سەرەتاو دەرچوونیان دەکات، لەزیاتر لەشەش لاپەڕەدا بەشێوازێکی نازانستی دەیەوێت بیسەلمێنیت کە ئیبازی خەواریج نینو هەموو ئەوانەی بەخەواریجیان داناوو دادەنێن، بە مێژوونووسی دەسەلاّت (الملكيون) ناوزەنددەکات؛ بەلاّم بەبێ ئەوەی باسەکە بخوازێت دێتەسەر پادشایانی ئەمڕۆی مەغریبو دەڵێت:"خەڵك هەڵیبژاردوونو ئەوانە سەرۆکی دەوڵەتن، نەك پادشا"؛ بەمەش خۆیبووە بە مێژوونووسێکی دەسەلاّت. بڕوانە:(محمد دبوز: تاريخ ، ج٢، ص٣٦٢-٣٦٧)؛ هەروەها فەقیهەکانی ئیبازی وەك هەوڵێك بۆ دەرهاویشتنی گروپەکەیان لە خەواریج، کەموکوڕییەکانی خەواریجیان خستۆتەڕوو. بڕوانە:(الوارجلاني: الدليل، ج١، ص٢٨، ج٢، ص٤٦-٤٧)، لەکاتێکدا (عبداللە بن اباض) بەسەرسەختی داکۆکیلێکردوون، بڕوانە:(مؤلف مجهول: السير، ج٢، ص٣٤١-٣٤٢)؛ بۆ رەتکردنەوەی جیاکردنەوەی ئیبازی لە خەواریج، بڕوانە:(احمد محمد علي: دراسة، ص٨٢-٨٨).

٣٩ – بكير أعوشت: دراسات إسلامية، ١٥؛ من تراث، ص٢٩؛ عوض خليفات: نشأة الحركة الإباضية ص٨٤-٨٥. توێژەرێکی ئیبازی هاوچەرخ، بۆ خۆرزگارکردن لەپرسەکە، هەڵەیەکی مێژوویی دەکاتو دەڵێت:"ئیبازی بەبەیعەتدان (عبد اللە بن وهب الراسبي) دامەزراو شوێنکەوتەی راستەقینەو میراتگری ئەون". بڕوانە:(محمد دبوز: تاريخ، ج٢، ص٣٥٧، ص٣٦٨)؛ بەلاّم ئیبازییەکانی (عمان) بەپێشەوای ئایینزاکەی دادەنێن. بڕوانە:(مؤلف مجهول: السير، ج٢، ص٣١٠، ٣١٤).

٤٠ – عمر فاروق فوزي: الخلافة الأموية (٤١-١٣٢هـ/٦٦١-٧٥٠م)، ط١، دار الشروق، (عمان، ٢٠٠٩)، ص٢٨٣. (ليفيتسكي) هۆکاری کەمی زانیاری لەسەر رۆڵو ژیانی، دەگێڕێتەوە بۆئەوەی لەقۆناغی نهێنیدا بووە. (دراسات، ج٢، ص١٥)؛ بەلاّم پێشەواکانی پێشترو هاوسەردەمیو دواتریش هەر لەقۆناغی نهێنیشدابوونو زانیاری زیاتر دەربارەیان تۆمارکراوەو بایەخی زۆریان پێدراوە.


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

ماوەكەی ناكەن‌و لەچەند دێڕێكدا كۆتایی پێدەهێنن[٤١]. ئەم ڕەتكردنەوەیە لەسەر بنەمایەكی مێژوویی دروست بونیاتنەنراوە، چونكە ناكرێت بەناوێك ڕازیبن كە لەلایەن دوژمنەكەیانەوە لێیاننرابێت‌و ڕەتینەكەنەوە، بەلاَم پێشەوایەتی (عَبد الله بن إبَاض) ڕەتبكەنەوە، لەكاتێكدا داندەنێن بەوەی سەركردەی هەموو دانیشتووەكان‌و زانایەكی ئایینزاكە بووبێت، ئەگەر هەیە ئەم ڕەتكردنەوەیە بگەڕێتەوە بۆ ئەو گێڕانەوەیەی كە دەوترێت (عبد الله بن أباض) لەكۆتایی تەمەنیدا وازی لە بیروباوەڕی خەواریج هێناوە، ئەوەش بەڵگەیە كە هاوەڵ‌و شوێنكەوتەكانی زۆر بایەخی پێنادەن[٤٢]، هاوكات كەسێكی نزیكبووە لە خەلیفە (عبدالملك بن مروان)و دەوترێت وەك ڕاوێژكاری بووە، یان ئامۆژگاریكردوو[٤٣].

بەگوێرەی نامەكەی بۆ خەلیفە، (عَبد الله بن إبَاض) پێشەوای ئیبازی بووە[٤٤]، هەرچەندە لەئەدەبیاتی ئیبازیەكانی باكوری ئیفریقیادا، لەژێر فەرمان‌و بۆچوونی (أبُو الشَّعْثَاء جابرُ بْنُ زَيْدٍ الْبَصْرِيُّ ٩٣ك/٧١٢ز)دا بووەو بنەمای گروپەكە دەگێڕنەوە بۆئەو[٤٥]، بەلاَم ئەگەر جابر پێشەوای ئیبازیش بووبێت، ئەوا دوای ئەو بووە بە ڕابەریان[٤٦]؛ ئەگەرچی ئیبازیبوونی جێگەی دڵنیای نییە، چونكە لەلایەك بەگوێرەی سەرچاوە گشتییەكان، جابر بە زانایەكی شوێنكەوتەی هاوەڵان‌و فەقیهی بەسرە دانراوە[٤٧]، تەنانەت بەپێشەوایەكی سوننە ئەژماركراوە[٤٨]، هاوكات ڕاستە ئیبازی لە جابر كۆبوونەتەوەو بەپێشەوای خۆیان زانیوە، بەلاَم ئەو خۆی بێبەریكردووە لێیان[٤٩]،

---

٤١ – بۆنموونە بڕوانە:(الدرجيني: كتاب طبقات، ج٢، ص٢١٤؛ الشماخي: كتاب السير، ج١، ص٧٢-٧٣). دەرجینی نووسیویەتی:"بەسەرهاتی چاكەی بەناوبانگی زۆری هەیە، كەلە ناو پەڕاوەكاندا تۆماركراوە".

٤٢ – الحميري: الحور، ص١٧٣.

٤٣ – الشماخي: كتاب السير، ج١، ص٧٢-٧٣.

٤٤ – عمر فاروق فوزي: الخلافة الأموية، ص٢٨٤. بۆ نامەكە، بڕوانە:(مؤلف مجهول: السير، ج٢، ص٣٢٥-٣٤٥).

٤٥ – الشماخي: كتاب السير، ج١، ص٦٧، ٧٣.

٤٦ – مؤلف مجهول: السير، ج٢، ص٣١٤؛ ليفيتسكي: دراسات، ج٢، ص١٦.

٤٧ – مشاهير علماء الأمصار (ص: ١٤٤) ابن الجوزي: المنتظم، ج٧، ص٨٤؛ سبط ابن الجوزي: مرآة، محمد رضوان عرقسوسي وعمار ريحاوي، ج١٠، ص٣٦٥؛ ابن كثير: البداية والنهاية، تح: علي شيري، ط١، دار إحياء التراث العربي، (د.م، ١٩٨٨)، ج٩، ص١١١؛ سير أعلام النبلاء ط الرسالة (٤/ ٤٨١-٤٨٢

٤٨ – الحموي: معجم البلدان، ط٢، دار صادر، (بيروت، ١٩٩٥)، ج٢، ص٢٤٣. جگەلەوە فەرموودەی لە (معاوية بن ابي سفيان)ەوە گێڕاوتەوە. بڕوانە:(احمد محمد علي: دراسة، ص٧٦).

٤٩ – السمعاني: الأنساب، ج٤، ص١٣٠؛ الثقات لابن حبان (٤/ ١٠١) ابن الاثير: اللباب، ج١، ص٣٥٨؛ المزي: تهذيب الكمال في أسماء الرجال، تح: د. بشار عواد معروف، ط١، مؤسسة الرسالة، (بيروت، ١٩٨٠م)، ج٣، ص١٢١؛ تەنانەت لەسەرە مەرگدا بێبەریبوونی خۆی لە خەواریج، ڕاگەیاندووە. بڕوانە:(ابن سعد: الطبقات الكبرى، تح: محمد عبد القادر عطا، ط١، دار الكتب العلميه، (بيروت، ١٩٩٠)؛ ج٧، ص١٣٤؛ سبط ابن الجوزي: مرآة، ج١٠، ص٣٦٦؛ مغلطاي: إكمال تهذيب الكمال في أسماء الرجال، تح: أبو عبد الرحمن عادل بن محمد و أبو محمد أسامة بن إبراهيم، ط١، (د.م، ٢٠٠١م)، ج٣، ص١٢١). خەواریج سیاسەتیان بریتیبووە لەكۆبوونەوە لەزانایەك كە بۆچوونی باش‌و گونجاوی هەبووبێت، وەك لە (المسور بْن مخرمة بْن نوفل القرشي الزُّهْرِيّ ٦٤ك/٦٨٤ز). بڕوانە:(الاستيعاب في معرفة الأصحاب (٣/ ١٣٩٩) سبط ابن الجوزي: مرآة، تح: محمد رضوان عرقسوسي، ج٨، ص٢٨٥)؛ بۆیە سەبارەت بە جابریش (ابن سيرين) وتوویەتی: خودا پاراستی لێیان. بڕوانە:(مغلطاي: إكمال تهذيب، ج٣، ص١٢٢).


p-ISSN (2410-1036) e-ISSN (2522-7130)

هەروەها (هند بنت المهلب بن أبي صفرة) وتوویەتی جابر زۆر تێكەڵی ئێمەبووەو فێری زۆر كاری چاكەی كردووین‌و خراپەی پێناساندووین، واتە وەك مامۆستایان وابووە، بەلاَم باسی ئیبازی بۆ نەكردوون[٥٠]، هاوكات رەتكراوەتەوە هیچی لەبارەی ئیبازیەوە لێبیسترابێت[٥١]؛ لەلایەكی دیكەوە ئەگەرچی هەندێك لە سەرانی دانیشتوو (ئیبازی)ەكان لەلایەن دەوڵەتی ئومەوییەوە موچەیان پێدراوە[٥٢]، بەلاَم (یزید بن ابي مسلم) لەلای حەجاج بەشێوەیەكی تایبەتیی كارئاسانی بۆ جابر كردو گوایە زیاتر لە (٦٠٠) درهەمی بۆبڕیوەتەوە[٥٣]، جگەلەوە لەكاتێكدا حەجاج لەسەر گومانی خەواریجیبوون چەندین كەسی كوشتووە، بەلاَم داوای لە جابر كردووە ببێت بە قازی بەسرە[٥٤]، هەموو ئەم ئاماژانە ئەگەری خەواریجیبوونی كەمتردەكاتەوە.

دەركەوتنی راستەقینەی گروپی ئیبازی وەك گروپێكی رێكخراو، دەگەڕێتەوە بۆ پێشەوایەكی ئایینزاكە كە (ابو عبيدة مسلم بن ابي كريمة ١٤٥ك/٧٦٢ز) بوو[٥٥]، چونكە تەنانەت ئەگەر ئەو بۆچوونەش وەربگرین كە (أَبُو الشَّعْثاءِ جابرُ بْنُ زَيْدٍ الْبَصْرِيُّ ٩٣ك/٧١٢ز) پێشەوای ئیبازی بووبێت، ئەوا دەوترێت (أبي عُبَيْدَة مُسلم بن أبي كَرِيمَة)، كە پێشەوای راستەقینەیە بەبۆچوونی ئێمە، لە (جابرِ بْنِ زَيْد)ەوە نەیبیستووە[٥٦]، واتە مامۆستاو خوێندكار نەبوون‌و زانستی لێوەرنەگرتووە، هاوكات تۆكمەیی رێكخستنی گروپی ئیبازی‌و دەركەوتن‌و پەلهاویشتنی بۆ هەرێمەكان، ئاماژەیەكی روونن بۆئەوەی دوای مردنی (عبدالله بن اباض)ی پێشەوای گروپەكە، زاناو كەسایەتییەكی ئێرانی نەژادی وەك (ابو عبيدة[٥٧]) لەپشت رێكخستن‌و زیندووكردنەوەی گروپەكەوەیە. بەگوێرەی نامەیەكی (ابو عبيدة) بۆ بانگەوازكارانی لە مەغریب، وەلاَمی نامەیەكی تایبەتی ئەوانی داوەتەوە كە

---

[٥٠] – ابن عساكر: تأريخ مدينة دمشق، تح: عمر بن غرامة العمري، (بيروت، ١٩٩٥م)، دار الفكر، ج٧٠، ص١٩١-١٩٢؛ ابن كثير: البداية، ج٩، ص١١٢. جێگەی دڵنیایی نییە كەدەوترێت (عاتكة بنت المهلب)ي خوشكی، ئیبازی بووەو یەزیدی برایشی هاوسۆزیان بووە. (ليفيتسكي: دراسات، ج٢، ص١٧، ١٨، ٣٣؛ عوض الخليفات: الاصول، ص٣٠)؛ چونكە ئەو خانەوادەیە رۆڵی سەرەكییان هەبوو لەڕووبەڕووبوونەوەی خەواریجدا؛ بۆ زانیاری سەبارەت بەجەنگەكانی موهەللەب لەدژی خەواریج، بڕوانە:(أبوحنيفة الدينوري: الأخبار، ٢٧١-٢٧٩).

[٥١] – التاريخ الكبير للبخاري بحواشي المطبوع (٢/ ٢٠٤) مغلطاي: إكمال، ج٣، ص١٢٢.

[٥٢] – الدرجيني: كتاب طبقات، ج٢، ص٢٠٩؛ الشماخي: كتاب السير، ج١، ص٨٤.

[٥٣] – الدرجيني: كتاب طبقات، ج٢، ص٢١١-٢١٢.

[٥٤] – الدرجيني: كتاب طبقات، ج٢، ص٢١١؛ عمر فاروق فوزي: الخلافة الأموية، ص٢٩١.

[٥٥] – بۆپێگەی زانستی‌و ئایینزایی، لەلای ئیبازییەكان، بڕوانە:(الشماخي: كتاب السير، ص٧٨-٨٠؛ سالم الحارثي: العقود، ص١٣٩-١٤٨).

[٥٦] – ابن حنبل: العلل ومعرفة الرجال، تح: وصي الله بن محمد عباس، ط٢، دار الخاني , (الرياض، ٢٠٠١م)، ج٣، ص١٢.

[٥٧] – ناوی راستەقینەی (مسلم بن كورين)، پێیوتراوە (كورين)، بە (كوديت، كرزين)یش تۆماركراوە مەوالی (عُرْوَة بْنِ أُدَيْنَة التميمي ١٣٠ك/٧٤٨ز)ی یەكێك لەسەرانی خەواریج بووە. بڕوانە:(ابن حنبل: العلل، ج٣، ص١١،١٢؛ الجاحظ: البيان والتبيين، دار ومكتبة الهلال، (بيروت، ١٤٢٣هـ)، ج١، ص٢٨٠، ج٣، ص١٧٦؛ الصفدي: الوافي، ج١٧، ص٣٥٩؛ البلاذري: أنساب، ج٩، ص٢٨٥؛ ليفيتسكي: دراسات، ج٢، ص١٨، ٣٤. والأسماء للدولابي (٢/ ٨٧٩) الإكمال في رفع الارتياب عن المؤتلف والمختلف في الأسماء والكنى والأنساب (٧/ ١٤١) نزهة الألباب في الألقاب (٢/ ١٢٩).


e-ISSN (2522-7130)      p-ISSN (2410-1036)

هەواڵی گروپەكەو رەوشی خۆیانو بانگەوازەكەیانی بۆ روونكردۆتەوە[58]، نامەكە ئاماژەیە بۆئەوەی (ابو عبیدة) كەسی سەرەكی بووە بۆ چاودێریی بانگەوازكارانو شێوازی كاركردنو ئەندازەی دڵسۆزییان لە راپەڕاندنی ئەركەكانیاندا، هاوكات ئەوانیش بەبەردەوامی هەواڵی كاروبارەكانیان گەیاندووە بە بنكەی سەرەكی[59]؛ وەك پێشتر باسكرا (طالب الحق)، بەمۆڵەتو رێگەدانی (أبو عبیدة) راپەڕی[60]، جگەلەوە هەموو گێڕانەوەكان كۆكن لەسەر ئەوەی ئەو بانگەوازكاری ئیبازی (سلمة بن سعد بن علي بن اسد الحضرمي) ناردوو بۆ بانگەشەكردن لەنێو بەربەردا[61].

## دووەم: كاریگەریی ناوبانگو دەنگۆی خەواریج لەسەر بلاوبوونەوەی ئاییننزاكە

### ١- توانستی خۆوێناكردن بەشوێنكەوتەی راستەقینەی ئیسلام:

خەواریج بانگەشەی گێڕانەوەی سەرچاوەی زانستە شەرعییەكانی خۆیان دەگێڕایەوە بۆ هاوەڵانی پێغەمبەر، بەتایبەتیش هەردوو گروپی (ئیبازی و صوفەری)، ئیبازییەكان سەرچاوەی دەركەوتنی ریشەی گروپەكەیان دەگێڕنەوە بۆ كۆبوونەوەی سەقیفە، بەوەی گوایە ئەمان نوێنرایەتی هەڵوێستی ئەوانەن لەكۆبوونەوەكەدا كە ئیمامەتیان لەدەرەوەی قورەیش بەدروست دەزانی[62]، هەروەها (جابر بن زید) بەسەرچاوەی فەرموودەو زانستی گروپەكەیان دادەنێن، گوایە حەفتا هاوەڵی بەدری بینیوە[63]، (ابو عبیدة)ش كە سەرچاوەی زانستی ئیبازییەكانی رۆژهەڵاتو رۆژئاوای جیهانی ئیسلامی بوو[64]، وتوویەتی: هەر كەسێك مامۆستایەكی لەهاوەڵان نەبێت، ئەوە لەهیچ شتێكی ئاییندا نییە[65]. عیكریمەش كە سەرچاوەی زانستی صوفەرییە، وتوویەتی: چل ساڵ زانستم وەرگرت، من لەدەرگادا فەتوام دەدا، (عبدالله بن العباس)یش لەخانووەكەدا بوو[66].

---

٥٨ - ابو عبیدة مسلم بن ابي كریمة: رسالة في احكام الزكاة، ورقة ١١٤ مخطوط، دار الكتب المصرية، وەرگیراوە لە:(محمود اسماعیل: الحركات السرية في الاسلام، دار القلم، (بیروت، ١٩٧٣م)، ص٢٤-٢٥).

٥٩ - محمود اسماعیل: الحركات السرية، ص٢٧.

٦٠ – البلاذري: أنساب، ج٩، ص٢٨٥؛ الصفدي: الوافي، ج١٧، ص٣٥٩.

٦١ – الشماخي: كتاب السير، ج١،ص١١٣. ابو زكريا: كتاب سير الائمة واخبارهم، تح: اسماعيل العربي، ط٢، دار الغرب الاسلامي، (بيروت، ١٩٨٢)، ص٤١؛ الدرجيني: كتاب طبقات، ج٢، ص٩-١٠. بۆ ستایشی سەلەمە لەدڵسۆزیدا بۆ ئاییننزاكەی، بڕوانە:(يحيى بن المعمر: الاباضية في ليبيا، ص٢٩-٣١).

٦٢ – طالبي عمار: اراء الخوارج الكلامية، الشرطة الوطنية، (الجزائر،١٩٧٨)، ج١، ص٤٤.

٦٣ – احمد بدر: هجرة الثقافة من المشرق الى المغرب في القرن الثاني للهجرة، مجلة دراسات تاريخية، لجنة كتابة تاريخ العرب/جامعة دمشق، العدد الثامن، (نيسان، ١٩٨٢)، ص٨٥-٨٦.

٦٤ – الشماخي: كتاب السير، ص٨٠.

٦٥ – احمد بدر: هجرة، ص٨٦.

٦٦ - ابن قتيبة الدينوري: المعارف، ٤٣٨؛ الفسوي: المعرفة والتاريخ، تح: أكرم ضياء العمري، ط٢، مؤسسة الرسالة، (بيروت، ١٩٨١م)، ج٢، ص٥؛ ابن عساكر: تأريخ، ج٤١، ص٨٢؛ المزي: تهذيب، ج٢٠، ص٢٦٩؛ احمد بدر: هجرة، ص٨٦. الضعفاء الكبير للعقيلي (٣/ ٣٧٦) معجم الأدباء = إرشاد الأريب إلى معرفة الأديب (٤/ ١٦٢٩).


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هاوکات هەڵوێستی پابەندبوونی توندی خەواریج بە هەندێك دەق و بنەماوە واپیشانی بەربەر درا کە پابەندبوونیانە بەئیسلام[٦٧]، لەمەشدا ناوبانگی خوداپەرستی خەواریجەکان[٦٨]، یارمەتیدەربوو بۆ بانگەشەکارانی خەواریج، کە لەسەرەتای دەرکەوتنیانو بگرە تەنانەت پێش جودابوونەوەشیان لەسوپای خەلیفە عەلی، سەرکردەکانیان بە (القُرّاءَ) دەناسران، واتە قورئانخوێنو خودا پەرستەکان[٦٩]، تەنانەت زێدەڕۆیی دەکرێت گوایە هەشت هەزاریان لە قورئانخوێنەکان بوون[٧٠]. هەروەها (عبد الله بن العباس) ناساندوونی بە ناوچەوان ترەکیوو دەست گرێگرێبوو بەهۆی نوێژو کڕنووشبردنی زۆرەوە[٧١]، (أبو حَمْزَة المُختار بن عوفٍ الأَزْدِيّ ١٣٠ك/٧٤٨ز) لەوتارەکەیدا بۆ خەڵکی مەکە باسی قورئانخوێنیو پەرستشو شەونوێژو ڕۆژووی شوێنکەوتووەکانی دەکات، کە زەوی ئەژنۆو بەریدەستو ناوچەوانیانی خواردووە[٧٢]؛ (صالح بن مسرح)ی سەرکردەی یەکەم ڕاپەڕینی گروپی (الصفریە)ش بەخوداپەرست بەناوبانگبوو، کەبەهۆیەوە ڕەنگی زەردباوبووبوو[٧٣].

## ٢- ئامادەیی قوربانیدانو ملنەدان بۆ دەوڵەتی ئومەوی:

لەلایەکی دیکەوە پرسەکە لەدیدی خەواریجدا پرسێکی بیروباوەڕیی بوو، بەڵام بەشێوازو تێگەیشتنی تایبەت بەخۆیان، ئەمەش وایکرد سەرکردەکانیشیان هاوشێوەی شوێنکەوتەکانیان ئامادەی قوربانیدانبن، کاتێك کەسایەتییەکەیان بەناوی (عبد الله بن السخبر) گوێبیستی پرسی دادوەریکردنەکە بوو دەستیکردە گریانو دەیوت سوێند بەخودا تاوێتوێکردنی ئێسكو گۆشتو دەمارەکانم بەلاوە ئاسانترە لە توڕەبوونی خودا لێم، براکانم لەخودا نزیکببنەوە بە بوغزاندنی ئەوانەی سەرپێچیی دەکەنو دەربچن بۆیان بە شمشێر لێیانبدەن هەتا گوێڕایەڵی خودا دەکرێت[٧٤]، (عبد الله بن وهب الراسبی ٣٨ك/٦٥٨ز) ئەمیریان لەیەکەم وتاریدا دوای جیابوونەوەیان لەسەربازگەی خەلیفە عەلی، بیری ئەوەی خستنەوە کە ژیانو خۆشی دونیا کەمو کاتییەو جیابوونەوەو دەرچوون لەدونیا نزیکە؛ کاتێکیش (یزید بن حُصَین الطائي)و (شُرَیح بن أوفی العبسی)و چەندین کەسی دیکەیان ئەمیرییان ڕەتکردەوە، ناچار بووە ئەمیریانو وتی: نەلەبەر ئارەزووبوون لە دونیا، نەلەبەر

---

٦٧ - السلاوي: الاستقصا لأخبار دول المغرب الأقصى، تح: جعفر الناصري ومحمد الناصري، دار الكتاب، (الدار البيضاء، د.س)، ج١، ص١٩٣.

٦٨ – الشماخي: كتاب السير، ج١، ص٧٧.

٦٩ - ابن حنبل: مسند الإمام أحمد، تح: شعيب الأرنؤوط وآخرون، ط١، مؤسسة الرسالة، (د.م، ٢٠٠١م)، ج٢٥، ص٣٤٨؛ ابن زنجويه: الأموال، تح: د. شاكر ذيب فياض ، ط١، مركز الملك فيصل للبحوث والدراسات الإسلامية، (السعودية، ١٩٨٦م)، ج١، ص٣٩٨؛ سبط ابن الجوزي: مرآة، تح: محمد بركات وعمار ريحاوي، ج٣، ص٣٨٧؛ ابن عساكر: تأريخ، ج٢٣، ص٦. مستخرج أبي عوانة (٤/ ٢٩٧)

٧٠ – المبرد: الكامل، ج٣، ص٢٧٨.

٧١ – المبرد: الكامل، ج٣، ص١٥٥١؛ ابن عبد ربه: العقد، ج٢، ص٢٣٣.

٧٢ – ابن الخياط: تاريخ، ص٣٨٥؛ الجاحظ: البيان، ج٢، ص٨٥-٨٦؛ البلاذري: أنساب، ج٩، ص٢٩٣؛ ابن عبد ربه: العقد، ج٤، ص٢٢٨. عيون الأخبار (٢/ ٢٧١-٢٧٢)

٧٣ - الطبري: تأريخ، ج٦، ص٢١٦؛ ابن الاثير: الكامل، ج٣، ص٤٣٦.

٧٤ - أبوحنيفة الدينوري: الأخبار، ص٢٠٣؛ سبط ابن الجوزي: مرآة، تح: عمار ريحاوي، ج٦، ص٣٠٨.


p-ISSN (2410-1036)     e-ISSN (2522-7130)

راكردن لەدونیا پەسەندی دەكەم، بەڵكو بەئومێدی دەستكەوتنی پاداشتێكی گەورە، دواتریش لەوتارەكەیدا رایگەیاند ئەوان شوێن ویستو ئارەزوو كەوتنو فەرمانو بڕیاری قورئانیان پشتگوێخست، بۆیە جیهادییان دروستە، سوێندیشیخوارد ئەگەر كەسی دەستنەكەوێتو تەنها خۆیشی بێت ئەوا جیهادییان دەكات، هەتا بەشەهیدی دەگات بەپەروەردگاری[٧٥]. ئەمەش وایكرد زۆربەی سەركردەكانیان ببنە قوربانی ئایینزاكە، ئەم ئامادەییە بۆ مردن وایكرد نازناوی میری مردن لە (قَطَرِيُ بْنُ الْفُجَاءَةِ التَمِيمِي ٧٧ك/٦٩٦ز)) بنێن[٧٦]، لەكاتێكدا بەراییەكاتیان دەیانزانی كە بنەماكانی ئایینزاكەیان بۆ ناچەسپێت، بەڵام دەیانویست لەپێناویدا ببنە قوربانی، واتە ئامانجیان جۆرێكبوو لە خۆڕزگاركردن لەخراپیو شەڕەنگێزییەكانی دونیا، نەك سەركەوتنو دامەزراندنی دەوڵەت[٧٧].

بەرەنگاربوونەوەی خەواریج بۆدەوڵەتی ئومەویی وایكرد هاوسۆزیی مەوالییەكان بەدەستبهێنن، تەنانەت لەگەڵ ئەوەی بۆچوونی ئێرانییەكان پێچەوانەی خەواریج بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هاوسۆزیان بوون، ئەمەش وایكرد گروپی ئەزاریقە بتوانن لەناوچەكانیاندا بەئاسانی نەك خۆیان لەدەست دەسەڵاتی ئومەوی بپارێزن، بەڵكو دەستبگرن بەسەر هەندێك ناوچەشدا، تەنانەت هەندێك لە شوێنكەوتەو رێكخستنی ئەزارقە لەشاری رەی هەتا كۆتایی سەردەمی حەجاج بوونیان هەبوو[٧٨]؛ هاوكات ئەم ناوبانگەیان وایكردووە بوترێت لەسەرەتای سەدەی دووەمی كۆچیدا بانگەشەكارانی خەواریج باشترین نوێنەری ئیسلام بوون لە وڵاتی مەغریب[٧٩].

### ٣- توانستی بانگەشەكردن:

خەواریج لێهاتووبوون لەبلاوكردنەوەی ئایینزاكەیاندا، چونكە لەلایەك خاوەن كەسانی بوێژو رەوانبێژو وتاربێژیی بەناوبانگو لێهاتووبوون، وەك نموونە ئاماژە بە (عبیدە بن هلال ٧٧ك/٦٩٦ز) دەكرێت[٨٠]، هاوكات پرسی داكۆكیكردن لەبیروبۆچوونەكانیان لەسەر سەركردەو زاناكانیان قەتیس نەمابوو، گوایە (عبدالملك بن مروان ٨٦ك/٧٠٥ز) لەگەڵ دیلێكی خەواریجدا بەمەبەستی پەشیمانكردنەوەی، كەوتۆتە گفتوگۆ، خەواریجەكە ئەوەندە شێوازو بەلگاندنی بەهێزبووە، خەلیفە وتویەتی: خەریكبوو ئەو هەستەم بۆدروستبێت كە بەهەشت بۆئەوان دروستكراوە؛ بەیەكێكی دیكەشیانی وتووە: ئەگەر لەوە نەترساما یە بەزمانت زۆربەی خەڵكەكەم تێكدەدەیت، بەندم نەدەكردیت[٨١]. لەلایەكی دیكەوە، لەكاتێكدا خەواریج بانگەشەیەكی بێسنوریان بۆ ستەمكاریو

---

[٧٥]- أبوحنیفة الدینوري: الأخبار، ص٢٠٢-٢٠٣؛ سبط ابن الجوزي: مرآة، ج٦، ص٣٠٧-٣٠٨. بۆ قوربانیدانو گیانفیدایی خەواریجو بەشداریكردنی ئافرەتانی خەواریج، بڕوانە:(احمد عوض: الخوارج، ص٦٤-٦٧).

[٧٦] – الإسفراییني: التبصیر، ص٥١.

[٧٧] – محمد الفیومي: الفرق، ص١٠٠.

[٧٨]- ابن سعد: الطبقات، ج٦، ص٣٢٧؛ مركز الدراسات: الاسلام، ص٨١-٨٢.

[٧٩] – الفرد بل: الفرق الاسلامیة في الشمال الافریقي، تر: عبدالرحمن بدوي، ط٢، دار المغرب الاسلامي، (بیروت، ١٩٨١)، ص١٤٧.

٨٠ - الجاحظ: البیان، ج١، ص٢٨١؛ الطبري: تأریخ، ج٥، ص٥٦٥؛ ناجیة الوریمي: الاسلام، ص٢٠١.

٨١ - المبرد: الكامل، ج٣، ص١٧٠، ١٧١.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەدکاری خەلیفەو کاربەدەستانی ئومەویی دەکرد[82]، هاوکات لەڕێگەی هەواڵو رووداوی ئەفسانەییەوە بەرگی پیرۆزییان بۆسەرکردەکانیان دروستدەکرد، بۆنموونە گوایە دایکی (شبیب بن یزید الشیباني٧٧ك/٦٩٦ز) وتوویەتی لەکاتی لەدایکبوونیدا پزیسکێکی ئاگر لێمەوە دەرچوو، زانیم کە ئاو نەبێت هیچ شتێك نایکوژێنێتەوە[83]، وەك ئاماژەیەك بۆئەوەی لەناودا خنکا، هەروەها گوایە لە رۆژی قوربانیدا لەدایکبووەو باوکی وتوویەتی: لەو رۆژەدا لەدایکبووە کەخوێنی تێدا دەڕژێت، وادەبینم هاوەڵی خوێنە[84]. بێگومان ئەم شێوازی بانگەشەیە کاریگەریی لەسەر بەربەر هەبوو، گێڕانەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە هەمان شێوازی بانگەشە لەگەڵ سەرکردەکانی بەربەردا پیادەکراوە، وەك ئەوەی گوایە باوکی (عبد الرحمن بن رستم) ئەستێرەناس بووە، کە زانیویەتی نەوەکانی لە مەغریب دەبنە فەرمانڕەوا، بەماڵەوە کەوتۆتەڕێ بۆ مەغریب[85]، خۆیشی لە جوانیدا وەك یوسف پێغەمبەر وێناکراوە[86]؛ هەروەها گوایە شەو گۆڕەپانی جەنگەکەو شوێنی کوژرانی (ابو حاتم الاباضي) روناکبۆتەوە[87].

هاوکات بلاوبوونەوەی هۆنراوەکانی خەواریج لەنێوخەڵکدا، کاریگەرییەکی هەبوو لەسەر دروستکردنی هاوسۆزی بۆیان، چونکە هۆنراوەکانیان سەبارەت بەحەزبوون لە مردنو قوربانیدانو پاڵەوانێتی پێشەواکانیانو خولیای گەیشتن پێیان لەبەهەشتداو وەستانەوە لەدژی ستەمکاریبوو، تەنانەت شاعیری دیاریان (عمران بن حطان ٨٤ك/٧٠٣ز) سوێندیخواردووە لەهۆنراوەکانیدا، درۆ نەکات[88]، لەنموونەی هۆنراوەکانیان دەتوانین ئاماژەبکەین بە هۆنراوەی:

(یا) نفس قد طال في الدنیا مراوغتي ... لا تأمني لصروف الدهر تنغیصا

فأسأل الله بیع النفس محتسبًا ... حتى ألاقي في الفردوس حرقوصا[89]

یان خۆزگەخواستن بۆ دادپەروەری:

حتى متى لا نرى عدلاً نعیش به ... ولا نرى لدعاة الحق أعوانا[90]

یان هۆنراوەی (عمران بن حطان ٨٤ك/٧٠٣ز):

---

٨٢ - بۆنموونە، بڕوانە:(ابن سلام الاباضي: الإسلام وتاریخه من وجهة نظر إباضیة، تح: ر. ڤ. شڤارتز وسالم بن یعقوب، ط١، دار إقرأ للنشر، (بیروت، ١٩٨٥)، ص١١٧-١٢٠).

٨٣ – الطبري: تأریخ، ج٦، ص٢٨٢؛ ابن الجوزي: المنتظم، ج٦، ص١٩١٤؛ ابن الاثیر: الكامل، ج٣، ص٤٦٥؛ سبط ابن الجوزي: مرآة، تح: محمد رضوان عرقسوسي وعمار ریحاوي، ج٩، ص٢١٩.

٨٤ – البلاذري: أنساب، ج٨، ص١٧؛ سبط ابن الجوزي: مرآة، ج٩، ص١٥٩.

٨٥ – الدرجیني: كتاب طبقات، ج١، ص١٩

٨٦ – الدرجیني: كتاب طبقات، ج١، ص٢٠؛ الشماخي: كتاب السیر، ص١١٣-١١٤.

٨٧ – الشماخي: كتاب السیر، ص١٢٣.

٨٨ - المبرد: الكامل، ج٢، ص١٥٤؛ ناجیة الوریمي: الاسلام الخارجي، ص٢٠١.

٨٩ - الجاحظ: البیان، ج١، ص٥٧، ٦٢؛ البلاذري: أنساب، ج٥، ص٣٨٧؛ المبرد: الكامل، ج٣، ص١٩٢؛ شعر الخوارج، ص٦٢.

٩٠ - الزركلي: الأعلام، ط١٥، دار العلم للملایین، (بیروت، ٢٠٠٢م)، ج٥، ص٧٠؛ شعر الخوارج، ص٢٦؛ ناجیة الوریمي: الاسلام، ص٢٠٠. المؤتلف والمختلف في أسماء الشعراء (ص: ١١٤)


e-ISSN (2522-7130)      p-ISSN (2410-1036)

لقد زاد الحياة إليّ بغضا ... وحبًا للخروج أبُو بلال

وعروة بعده سقيًا ورعيًا ... لعروة ذي الفضائل والمعالي

أخاف أن أموت على فراشي ... وأرجو الفتك تحت ذري العوالي

ولو أني وثقت بأن حتفي ... كحتف أبي بلال لم أبال[٩١]

## سێیەم: گونجاوێتی ئایینزای خەواریج بۆ بەربەر:

### ١- ڕەهاکردنی مەرجی ڕەگەزیی خەلیفەو پابەندکردن و سنوردارکردنی دەسەڵاتەکەی:

خەواریج هەموو مەرجێکی ڕەگەزییان بۆ بوون بە خەلیفەو فەرمانڕەوا ڕەتکردەوە، واتە قۆرخکردنی خیلافەتییان لەسەر قوڕەیش ڕەتکردەوەو ڕایانگەیاند هەر کەسێکی لێهاتووی بەتوانستی زانای لەخوداترسی دادپەروەر، ستەمکارو خاوەن پێداویستی تایبەت نەبێت، ئیتر کۆیلە بێت یان ئازاد، نەبتی یان قوڕەیشی بێت، دەکرێت بکرێتە خەلیفە، دەشکرێت خەلیفە بوونی هەر نەبێت[٩٢]، واتە نەك بازنەی قوڕەیشێتی، بەڵکو بازنەی عەرەببوونیشیان تێپەڕاند، تەنانەت بۆچوونی هەندێکیان زیاتر ڕۆیشت، بۆنموونە کەسایەتییەکی خەواریج بەناوی (ضرار بن عمر الغطفاني) دەیوت: ئەگەرهاتوو کەسێکی حەبەشی یان نەبتی لەگەڵ قوڕەیشییەکدا هەبوون و هەردووکیان قورئان و سوننەتیان پەیڕەودەکرد، ئەوا واپێویستدەکات کە حەبەشییەکە پێشبخرێت، لەبەرئەوەی لەکاتی لادانی لەڕێگەی ڕاستی، لەکارخستن و لادانی ئاسانترە[٩٣]. هاوکات بوونی ئافرەت بە ئەمیریان ڕەتنەکردۆتەوە[٩٤].

شانبەشانی پرسی دادپەروەربوون، خەواریج بایەخێکی زۆری داوە بە پرسی ڕاوێژکردنی فەرمانڕەوا بەشوێنکەوتووەکانی[٩٥]، هەروەها تێکەڵبوونی بە خەڵکەکەی و والاکردنی دەرگای بەڕووی خەڵکدا لەمەرجەکانی

---

٩١ - هۆنراوەکە لەکەسایەتییەکەو بەناوی (أبُو الكردي الإباضي) گێڕدراوەتەوە. بڕوانە:(البلاذري: أنساب، ج٥، ص٣٨٨؛ المبرد: الكامل، ج٣، ص١٢٤؛ شعر الخوارج، ص١٤٢).

٩٢ - الاشعري: مقالات، ص١٢٥؛ البغدادى: الفرق، ص١٣؛ الشهرستاني: الملل، ج١، ص١١٦؛ ابن الجوزي: تلبيس إبليس، ط١، دار الفكر للطباعة والنشر، (بيروت، ٢٠٠١م)، ص٨٧؛ ابن خلدون: ديوان المبتدأ والخبر في تاريخ العرب والبربر ومن عاصرهم من ذوي الشأن الأكبر، تح: خليل شحادة، ط٢، دار الفكر، (بيروت، ١٩٨٨م)، ج١، ص٢٤١؛ جولدتسيهر: العقيدة والشريعة في الاسلام، تر: د.محمد يوسف موسى، د.علي حسن عبدالقادر، عبدالعزيز عبدالحق، ط٢، دار الكتاب العربي، (القاهرة، د.س)، ص١٩١. لای نەجدات بوونی فەرمانڕەوا پێویستی نییە. بڕوانە:(الحميري: الحور، ص١٥٠؛ الشهرستاني: الملل، ج١، ص١٢٤).

٩٣ - ابن حزم: الفصل، ج٤، ص٧٤؛ لەگەڵ ئەوەی پەرتوکی فەرموودەی ئیبازی چەندین فەرموودەی تێدایە کە جەختدەکەنەوە لەوەی خەلیفەو ئیمامەت لەنێو قوڕەیشدایەو لەپێشترن بڕوانە:(الربيع الفراهيدي: مسند، ص٤٣، ٣٥٦). فرق الشيعة، ص٣١؛ حياة عمامو: السلطة، ص٧٧.

٩٤ – شوێنکەوتووەکانی (الشبيب الشيباني) دوای خنکانی خۆی، غەزالەی هاوسەریان بە ئیمامی خۆیان دانا. بڕوانە:(البغدادي: الفرق، ص٨٩).

٩٥ – بڕوانە:(ابن سلام الاباضي: الإسلام، ص٨٦)؛ هەروەها بۆ گێڕانەوەی چەندین فەرموودە سەبارەت بە فەرمانڕەوای دادپەروەر، یان چارەنووسی فەرمانڕەوای ستەمکارو شوێنکەوتەکانیان لە دواڕۆژدا، بڕوانە:(الربيع الفراهيدي: مسند، ص٤٤؛ ابن سلام الاباضي: الإسلام، ص١١٥؛ الوارجلاني: الدليل، ج١، ص٢١-٢٢).


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئیمامبوونەکەیەتیو دروستنیە خۆی لەخەڵکەکەی دابڕێت[٩٦]، دواجار لادانی خەلیفەش لەدەسەڵاتی ئەواندایە، بەتایبەتی ئەگەر پێچەوانە جوڵایەوەو دادپەروەر نەبوو ئەوا لادان یان کوشتنی پێویستیو ئەرکێکی ئاینییە[٩٧]، بەتایبەتیش لای گروپی نەجداتو ئەزارقە، لەلای میانڕەوترین گروپیشیان (ئیبازی) کارێکی رەواو دروستەو باشترین کردەوەیە بۆ نزیکبوونەوە لەخودا[٩٨]، ئەگەر ئیمامی ئیبازیش لایداو کارێکی کرد لەگەڵ ئاییندا یەکنەدەهاتەوە، دوای ئاگادارکردنەوەشی هەر بەردەوامبوو، ئەوا ئیمامەتەکەی پوچدەبێتەوە[٩٩].

ئەم بۆچوونانە لەلای خەواریج تەنها بۆچوونێکی تیۆری ئاینزاییو فیقهی نەبوون، چونکە بنەمای کاری خەواریج بریتیبوو لەوەی ناکرێت لەترسی لێکترازانو ناکۆکی، لەکاری ناڕەوا بێدەنگی بکرێت[١٠٠]، لەبواری پراکتیزەکردنیشدا سەرانی خەواریج بەشداربوون لە هاندانو کوشتنی خەلیفە عوسماندا، (نافع بن الازرق)ی سەرکردەی گروپی (ئەزارقە) شانازی دەکرد بە بەشداربوونی لە کوشتنیدا[١٠١]؛ پێش جیابوونەوەشیان، هەڕەشەیان لە خەلیفە عەلی کرد، ئەگەر واز لەپرسی دادوەریکردن نەهێنێت، ئەوا لەبەرخودا شەڕی لەدژ بەرپادەکەنو وەك عوسمان دەیکوژن[١٠٢]، دواجاریش غافڵکوژیانکرد. لەلایەکی دیکەوە پێشەواکانی خۆیان بە خەلیفەو ئەمیری بڕواداران ناوزەنکردووەو خەلیفایەتی خەلیفەکانی ئومەویو عەبباسییان ڕەتکردەوە[١٠٣]. دەتوانین بڵێین تێڕوانینی سیاسی خەواریج رەهەندێکی قوڵی کۆمەڵایەتی هەبوو، بۆچوونینی شوێنکەوتەکان چەقبوو بۆ هەڵسەنگاندنی خودی فەرمانڕەواو سیاسەتو شێوازی فەرمانڕەوایەتیکردنەکەی؛ بەڵام ئەم تێڕوانینە سیاسییەیان زیاتر پەردەیەکی ئایدۆلۆجی بوو، هاوکات وێناکردنی نەستی هۆزگەریی خێڵەکی بوو، کە دەسڵەمێتەوە لە ملدان بۆ هەر فەرمانڕەواییەکی بازنە فراوانتر لەبازنەی دەسەڵاتی سەرۆك هۆز[١٠٤]، ئەمەش بەتەواوی لەگەڵ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بەربەردا یەکیدەگرتەوە.

---

[٩٦] - خميس الرستاقي: منهاج الطالبين وبلاغ الراغبين، ط١، وزارة التراث القومي والثقافة، (سلطنة عمان، ٢٠١١م)، ج٥، ص٦٩. پێکەوە وابەستەیی فەرمانڕەواو خەڵکەکەی گەیشتە ئەوەی هەندێك لە گروپی (البيهسية) وتیان: ئەگەر ئیمام بێباوەڕ بوو، ئەوا هەموو ژێردەستەکانی بێباوەڕدەبن. بڕوانە:(البغدادي: الفرق، ص٨٨؛ الحميري: الحور، ص١٧٦، ٢٥٧؛ القلقشندي: صبح، ج١٣، ص٢٢٧).

[٩٧] – الإسفراييني: التبصير، ص٤٥؛ المقدسي: البدء، ج٥، ص١٣٥؛ البغدادي: الفرق، ص٥٥؛ الشهرستاني: الملل، ج١، ص١١٦؛ بایەخدانی خەواریج بەدادپەروەربوونی فەرمانڕەوا وایکردبوو ئەگەر کاربەدەستێك زۆر پابەندی دادپەروەری و بەدوای مافەکاندا بچوایە، بە خەواریجیبوون تۆمەتبار دەکرا. بڕوانە:(ابن حزم: جمهرة، ص٢٠٤).

[٩٨] – الوارجلانی: العدل، ج٢، ص٤٩.

[٩٩] - جناو (بن فتى) و عبدالقهار (بن خلف): اجوبة علماء فزان، تح: عمرو خليفة النامي وابراهيم طلاي، (قسنطينة، ١٩٩١)، ص٨١؛ الدرجيني: كتاب طبقات، ج١، ص٥٠؛ صلاح الدين شعباني: التربية والتعليم، ص٢٧.

١٠٠ - الدرجيني: كتاب طبقات، ج١، ص١٨٧؛ ناجية الوريمي: الاسلام الخارجي، ص٢١٨-٢١٩.

[١٠١] – المبرد: الكامل، ج٣، ص٢١٠؛ ابن عبد ربه: العقد، ج٢، ص٢٣٧.

[١٠٢] – الطبري: تأريخ، ج٥، ص٤٩؛ ابن الجوزي: المنتظم، ج٥، ص١٢١؛ تلبيس، ص٨٤؛ ابن الاثير: الكامل، ج٢، ص٦٨٥" سبط ابن الجوزي: مرآة، ج٦، ص٣٠٦. تجارب الأمم وتعاقب الهمم (١/ ٥٣٨، ٥٥٦؛

[١٠٣] – البلاذري: أنساب، ج٨، ص٣٢؛ الطبري: تأريخ، ج٥، ص١٩١؛ الشهرستاني: الملل، ج١، ص١٢٣؛ ابن الجوزي: المنتظم، ج٥، ص٢٠٤.

[١٠٤] – ناجية الوريمي: الاسلام، ص١٤٥-١٤٦، ١٥١-١٥٢.


e-ISSN (2522-7130)        p-ISSN (2410-1036)

### ٢- پێكهاتەی هۆزگەریی خەواریج و ڕەتكردنەوەی هەژموونی قوڕەیش:

داینەمۆی نادیاری خەواریج و پێكهاتەیان لەسەر بنەمای هۆزگەرێتی بوو، بەبۆچوونی (نصر بن مزاحم ٢١٢ك/٨٢٧ز) خەلیفەی چوارەم هیچ كەس و كۆمەڵەو دەستەیەكی بە ڕەبیعە نەدەگۆڕییەوەو بەهاوتای ئەوانی دانەدەنا، ئەمەش لەسەردڵی عەربەكانی (مضر) قورسبوو، لەكاتێكدا لەسوپاكەی عەلیشدا لایەنێكی گرنگی عەرەبی موزەڕی هەبوو، كە تەمیمییەكان بوون[105]، ئەمەش ئەوە ڕووندەكاتەوە بۆچی زۆربەی خەواریجە بەراییەكان و سەركردەكانیان، وەك (عروة بن اذية، مسعر بن فدكي، حرقوص بن زهير) لەعەرەبە خێڵەكییەكانی باكور بوون؟، بەتایبەتیش لەهۆزی تەمیم، كە نوێنەرایەتی هەستی هۆزەكانی دەكرد بۆ نەچوونەژێر ركێفی دەسەڵاتێكی ناوەندیی، كەلە دەسەڵاتی قوڕەیشدا ڕەنگیدابووەوە[106]، هاوكات ڕێگرتن لەدانانی (عبدالله بن العباس ٦٨ك/٦٨٧ز) وەك نوێنەری عەلی، بەهۆكارو پاڵنەری هۆزایەتی بوو، چونكە یەمەنییەكان ڕازینەبوون هەردوو نوێنەرەكە (مضر)ی بن[107]، وادیارە ڕەتكردنەوەی پرسی دادوەریكردنەكە لەلایەن هۆزی تەمیم و عەرەبەكانی باكورەوە[108]، هەستكردنبوو بەپەراوێزكەوتنیان، چونكە پرسەكە ڕۆڵی یەمەنییەكانی زەقكردەوە[109].

بێگومان نەیاربوون لەژێربەرگی ئایینزادا، ئەو مەترسییە گەورەیەی نەدەبوو بۆ ئومەوییەكان، ئەگەر ململانێی نێوان هۆزە عەرەبەكان نەبوایە[110]، هۆكاری بەردەوامبوونی ڕاپەڕینەكای خەواریج لەگەڵ ئەو هەموو

---

